# چۆن کار بکەین بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکوك

**دیار غەریب**

کەرکوك و ناوچە دابڕاوو تەعریبکراوەکانی تری کوردستان بەشێکی سەرەکی کێشەی کوردیان لەباشووری کوردستان پێکهێناوە و ئێستاش خاوەن هەمان گرنگین. لێرەدا من نامەوێ باس لەگرنگی و رابردووی ئەم بابەتە بکەم، بەڵکو دەمەوێت باس لەقۆناخی جێبەجێکردنی ماددەی (140) بکەم کە چارەسەری ئەم کێشەیەی پێوە گرێدراوە. هەرچەندە زۆر کەس و لایەن هەن کە بەستنەوەی چارەسەری کێشەی کەرکوك و ناوچەکانی تر بەماددەی (140) وە بەسازش ناوزەد دەکەن، بەڵام پێم وایە بەستنەوەی ئەم کێشەیە بەماددەیەکی دەستوریەوە سەرەڕای ئەوەی لایەنی سازشی پێوە دیارە، بەڵام لایەنی بایەخداری هەیە، ئەوەیش ئەوەیە ئێمە دەتوانین لەرێگەی یاساوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین و ئەمەش رێگە دەگرێت لەهەر کاردانەوەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی بەرامبەر بەکورد. کەواتە پێویستە ئێمەی کورد زۆر بەوردی و رشتی کاربکەین بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (140) کە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پێوەگرێدراوە. هەر ئەم لایەنەش هۆکارە بۆ ئەوەی کە هەندێ لایەنی ئێراقی و هەرێمی کار بکەن بۆ ئەوەی کە بەپێی ئەو ماددەیە کارنەکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچەکانی تر، هەوڵەکانی تورکیا بەگشتی و لێدوانەکانی ئەم دواییەی ئەردۆگان لەکاتی سەردانی نوری ئەلمالکی بۆ تورکیا ئەم راستیە دەسەلمێنن. کەچی ئەوەی دیارە ئێمەی کورد هەتا ئێستا کارێکی بەپیلانمان نەکردوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە و هەر دەسەڵاتی ئێراقی بەبەرپرس دەبینن بەرامبەر کەمتەرخەمی لەجێبەجێکردنی ماددەکەدا، کاتێك باسی ئەمە دەکەم دڵنیاشم کە دەسەڵاتی فیدراڵ، بەتایبەت ئەو هێز و لایەنانەی لەدەسەڵاتی فیدراڵدان (جگە لەکورد) زۆر خەمخۆری جێبەجێکردنی ئەم ماددیە نین. هەر بۆیە من نامەوێت لەسەر حکومەتی فیدراڵ و لایەنەکانی دەرەوەی کورد قسەبکەم، بەڵکو دەمەوێت باسی ئەوە بکەم کە ئەرکی کورد و سەرکردایەتی کورد چییە، حوکومەتی هەرێم و کورد بەپێی ماددی (140) دەتوانن چی بکەن؟ بێگومان ماددەی (140) کە چەند برگەیەکە، باس لەوە ناکات کە کێ جێبەجێی بکات، بەڵکو میکانیزمەیەکی داناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و ئەو میکانیزمەش کورد بۆ خۆی دەتوانێت بەشێکیان جێ بەجێ بکات، بێ ئەوەی بگەرێتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ و هاوکاری ئەو حکومەتەی پێویست بێت. بۆ نمونە یەکێك لەبرگەکانی ماددەی (140) گەراندنەوەی ئاوارەکان و ناردنەوەی عەرەبە هاوردەکانە، کە پێویست بوو ئەم برگەیە هەتاکو ئێستا زۆر کاری بۆ بکرایە، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە بەرێز مامۆستا کاکەرەش بەرپرسی بیرۆی کەرکوکی لیژنەی ماددەی (140) لەکۆبونەوەیەکی "ئەنجومەنی جەماوەری و بۆ پشتیوانکردن و چاودێریکردنی ماددەی (140)"دا باسی کرد، زۆربەی عەرەبەکان ئامادەن بگەرێنەوە بۆ جێگەی خۆیان، بەڵام بەرێزی گوتی کێشەمان پارەیە و پارەمان نییە بیدەین پێیان و حکومەتی ئێراق (200) ملیۆن دۆلارەکەمان بۆ نانێرێت، لەبەر ئەوە ناتوانین ئەوانە بنێرینەوە، هەروەها ئەو بەرێزە باسی ئەوەشی کرد کە (200) ملیۆن دۆلار بەش ناکات. لێرەدا ئێمە پێویستە لەوە زیاتر چاوەڕوان نەکەین، پێویست بوو حکومەتی هەرێم لەبودجەی ساڵی (2006) کە نزیکەی (6) ملیار دۆلار بوو بەلای کەمەوە (500) ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم کێشەیە تەرخان بکردایە و خەرجی بکردایە و هەتا ئێستا کێشەی ئەو عەرەبانەی دەگەرێنەوە بەشی زۆری ئاوارەکانیان چارەسەربکردایە، بێگومانیشم چارەسەردەبوو، بەهەر حاڵ ئێستاش هێشتا کات هەیە، پێشنیارم وایە لەبودجەی ساڵی (2007) بەشێکی باش کە لە(500) ملیۆن دۆلار کەمتر نەبێت تەرخان بکەن بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە و جێبەجێکردنی ماددە کەو ئەوەندە چاوەڕوانی حکومەتی ئێراق و بڕیاری حکومەتی (مالکی) نەبن. بڕیارێکی بوێرانەی بەمشێوەیە دەتوانێت رۆڵێکی چارەنوسساز ببینێت لەچارەسەرکردنی کێشەکان و جێبەجێکردنی برگەکانی ماددەکە. لەبرگەیەکی تری ماددەکەدا ( 140) باس لەئاساییکردنەوەی سنوری ئیدارەی کەرکوك و ناوچەکانی تر دەکات و بەپێی دەستوری ئێراقی ئەگەر $1/3$ی دانیشتوانی هەرێمێك داوای ریفراندۆم بکەن و ئەنجومەنی ئەو هەرێمە پەسەندی کرد و ئەنجومەنی پارێزگاش پەسەندی کرد دەتوانرێت لەو هەرێمەدا ریفراندۆم ئەنجام بدرێت و ئەو هەرێمە بخرێتە سەر ئەو پارێزگاییەی کە جەماوەر دەیخوازێت. بێگومان ئەم برگەیەش ئێمە بۆ خۆمان دەتوانین جێبەجێبکەین. دەتوانرێت بەپێی یاسا لەماوەیەکی کورتدا چەمچەماڵ ، کفری، کەلار، خورماتوو بخرێنەوە سەر کەرکوك، ئەمەش تا رادەیەك

**سنوری ئیدارەی کەرکوك راستدەکاتەوە و دەبێتە هەنگاوێکی تر بۆ گەیشتن بەچارەسەری کێشەکە. لێرەدا ئەگەر ئێمە چاوەڕوانی ئەوەبین کە حکومەتی ئێراق بێت داوای ئەوە بکات کە ئەم قەزایانە بگەڕێنەوە سەر کەرکوك یاخود ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، ئەوا خۆمان دەخەڵەتێنین. ئاشکرایە ئەم هەنگاوانە زەمینە بۆ ئەوە دروست دەکەن کە بەندەکانی تریش جێبەجێبکرێت و سەرژمێری و ریفراندۆمیش بکرێتە دیفاکتۆیەك و جێبەجێبکرێن. هەر بۆیە داوادەکەم کە هەڵمەتێکی جەماوەری دەست پێ بکەین بۆ ئەوەی کە حکومەتی هەرێم ئەم دوو هەنگاوە بهاوێژێت...**